ترەمپ: پڕۆژەیاسای دەسەڵاتەکانی جەنگ دەسەڵاتی سەرۆک سنووردار دەکات

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، ئەمڕۆ پێنجشەممە جەختی کردەوە کە پڕۆژەیاسای دەسەڵاتەکانی جەنگ دەسەڵاتی سەرۆک سنووردار دەکات.

ترەمپ لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا کە ئاژانسی هەواڵی موتڵەع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند: پڕۆژەیاسای دەسەڵاتەکانی جەنگ بە توندی ڕێگری لە بەرگریکردن لە خۆ دەکات و دەسەڵاتی سەرۆک وەک فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکان سنووردار دەکات.

ترەمپ ئەوەشی خستەڕوو کە پڕۆژەکە نادەستوورییە و بە تەواوی ماددەی دووەمی دەستوور پێشێل دەکات.

ئەمڕۆ پێنجشەممە، ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا دەنگی لەسەر یاسایەک دا کە ڕێگری لە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا دەکات لە بەردەوامبوون لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دژی ڤەنزوێلا بەبێ ڕەزامەندیی کۆنگرێس